کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-4-2007 19:34بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## 180 ڕۆژ لە بەندیخانەی مەحەتەی هەولێر ... دڵزار حەسەن

کات ژمێر 10 ی سەر لە بەیانی بوو حاکم بڕیاری بەندکردنی180 ڕۆژی بەسەرمدا سەپاند. بڕیارێك کە خۆم چاوەڕوانم نەدەکرد، لەلایەکی دیکەوەش سەیرم پێدەهات کە بۆچی 6 مانگ.

بەهەر حاڵ زۆر گۆتن قورئان خۆشە و هەموو لایەکیشمان چاك دەزانین بڕیاری حاکم قسەی کۆتایی دەسەڵاتی قەزاییە و ئەو چ بڵێت دارودەستەکەی جێبەجێ دەکەن. وەلێ بەم شێوەیە دوای 10 خولەك لە دەرچوونی بڕیارەکەوە دوو پۆلیس قوڵبەستیانکردم و بە ماوەی چارێکە سەعاتێك منیان گەیاندە بەردەم گرتووخانەی مەحەتەی هەولێرەوە. لێتان ناشارمەوە لە ژیانمدا ئەمەیان دووەم جارم بوو کە بکەومە بەندینخانەوە، جاری یەکەمین ئەو کاتە بوو کە سنورداش کرامەوە، شەوێك لە زیندان مامەوە و دوو وێنە و کەفیلێك و هەندێك جنێوو ئیهانە دواجار بوونە هۆی ئەوەی کە لە تەنها شەوێك زیاتر لەم گرتووخانەیە نەمێنمەوە. بێگومان جاری دووەمیش ئەوە خۆتان دەیخوێننەوە کە ئێستا لە بەندینخانەدام. دوو پۆلیسەکە نەرم و نیان بوون لەگەڵمدا بەڵام ئەو پۆلیسانەی ناو مەحەتە بە دەم و چاوێکی گرژو تووڕەیەوە منیان ڕاپێچی ئەو ژوورەکرد کە بە منەوە زیاد لە بیست بەندکراوی دیکەی لێدەژیا.

لە ڕاستیدا لەبەر ئازاری لەشم و پاڵە پەستۆی دەروونیم کە ئەم وەزعەم بەلاوە ناخۆش دەهاتە بەرچاوان، نەم دەتوانی هەنگاوی خێرا بەهاوێژم. بۆیە ئەوانەی نێو ژوورەکە بەشێکیان بە هانامەوە هاتن و فەرموو فەرموویان لێکردم و هەندێکی دیکەشیان ڕۆچووبوونە خەون و خەیاڵاتی تایبەتی خۆیانەوە.

گرتووخانەی مەحەتەی شاری هەولێر دوای نۆژەنکردنەوەی کرابووە دوو بەشەوە، بەشێکیان نۆ ژووری تیابوو لە تەوقیفکراوەکانەوە دەستی پێدەکرد تا پیاوکوژو تێکدەرو... هتد. ئەمانەش ئەو تاوانبارکراوانە بوون کە لەلایەن حاکمەوە کێشەکانیان یەکلانەکراوەتەوە. قاوشی دووەمیش دوانزە ژووربوو، تەواوی ئەو تاوانبارکراوانەی تێدا بوو کە بە پێی یاسا حوکم درابوون. ئەو ژوورەی تیایدا بەندکرابووم بیست و حەوت کەسی لێدەژیا، ئەو ڕێژەیەش بەپێی ئازادکردن و بەندکردنی کەسانی دیکەوە کەم و زیاد دەبو، لەم ژوورەی مندا تاوانبارکراوەکانی جۆراوجۆربوون و کێشەکانیان لای حاکم بە هەڵواسراوی ماوەتەوە. بێ تاوانەکانیش لەو کەسانەبوون کە بە گومان یان بە هۆی کێشەیەکی تایبەتیەوە حاکم دەست بەسەریکردبوون تا ڕۆژی دادگاییکردنیان.

لە ژوورەکەدا چەند قەلەوێرەیەکی نوستنی تێدا بوو هەر کەسەو لە نزیك قەلەوێرەکەیدا مێزێکی بچووکی لێدانابوو کە چەند جۆرێك لە سابوون و شامپۆ و وێنە و بۆن بەرامەیەکی بۆ نەخۆشی بە سەرەوە بوو، بەڵام هیچ کام لەم کەرەستانە لە ماددەی شوشە دروست نەکرابوون. بەندیەکان ڕۆژانە جل و بەرگی تازەیان لەبەر دەکردوو، بە شێوەیەك خۆیان پۆشتەو پەرداغی دەکرد وەك ئەوەی بچن بۆ سەردان یان گەشت و سەیرانێك. بەدەر لەوەش ئەم وێنانە ڕۆژانە لەبەر چاومان دووبارە دەبوونەوە، بەڵام گەر بە وردیەوە سەیری هەڵس و کەوتی بەندیەکانت بکردبوایە وێنەو سیماو جوڵەکانیان خوێندنەوەی جیاوازیان دەخولقاند.

ئەوان گفتوگۆیان دەکردوو پێدەکەنین و جگەرەیان دەکێشاو لە زۆر کاتانیش دەکەوتنە نێو قوڵایی خەون و خەیاڵێکەوە کە سەرنجی منی بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. دەمگوت بۆ مرۆڤ دەبێ هەمیشە بەدوای تاوان و سزادا بگەڕێت، بەلای منەوە سەیربوو چۆن مرۆڤەکان لە ئەزەلدا سەرچاوەی تاوانەکان بووە و هەر خۆشی سزای مرۆڤەکان دەدات!!! یان بە خەیاڵم دادەهات پرسیارو گومان بخەمە سەر ئەو بۆچوونەی کە دەڵێن "زیندان گەورەترین قوتابخانەیە بۆ مرۆڤەکان" ئەم وتەیە هەمیشە زەنگی بۆ زۆرێك پرسیارو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

گومانی دیکە لێدەدام و منیش زیاتر لەو تێگەیشتنەوە دەچوومە قوڵایی گومانەکانەوە، بەلای منەوە زیندان ئەو وێستگەو فریادرەسەنییە کە بەشێك لە ئینسانەکان پێیان وایە کە زیندان قوتابخانەیە و لەوێوە پرۆسەی پەروەردە و چاکسازی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کەسێتی مرۆڤەکان گەشە دەکات و دواجار ئەو قوتابخانەیە مرۆڤانێکی تەندروست و ساغ و سەلیم پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکاتەوە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێزەش ئەو کاتە بە چاوی خۆم بینیم کە بەندیەکان خەریکی نووسینی نامەکانیان دەبوون، لە ناوەڕۆکی زۆربەی زۆری ئەو نامانەیاندا کە بە یاداشت یان بۆ کەس و کاریان دەیانووسی جگە لە شکستێکی دەروونی و داروخانی کەسایەتی و بێزاری و خەمۆکی و قەلەقی خۆیان لە زینداندا ئاماژەیان بە هیچ حیکمەتێکی دیکەی زیندان نەدەکرد، ئەمانە دواجار بوونە باوەڕێك بۆ من کە پێم وابێت زیندانەکان قوتابخانە نیین بۆ مرۆڤەکان. زیندانەکان نەك هەر قوتابخانەی چاکسازی نین بەڵکوو بە شێوەیەك لە شێوەکان قوڵکردنەوەی ئەو زامانەن کە کەسایەتی و هەستە جوانەکانی مرۆڤ دەکوژێت. بۆیە پێم وایە ئەوە قسەی ئەو کۆمەڵناس و مرۆڤناسانەیە کە لە کتێبەوە کۆمەڵگاو ئینسانەکانیان ناسیوە، ئەوان لە وشە و دێڕی کتێبەکانەوە خەون و خولیاکانی مرۆڤایەتیان خوێندۆتەوە نەك لە واقیع و گۆڕەپانی کرداریەوە. وایان دەزانی مرۆڤ کائینێکی تاوانبارە دەبێت سزا بدرێت و ئینجا بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگاو ژیانەوە.
ئەو پرسە لەلای ئەو خوێندەوارانەوە پرسێکی گوماناوی بووە، بۆیە لەبەر خۆمەوە دەکەوتمە نێو جەدەلێکی کەینوونیەوە کە بۆ مرۆڤەکان لە بەرامبەر یەکتردا هێندە ئارەزووی ستەم و ئازار دەکەن. ستەمێك رەوایی دەدا بە مانەوەی خۆیی و بەرامبەرەکەشی بە توندترین شێوە سزا دەدات.
بێگومان ئەو رەوایەتیدانە بە ستەم و ئازار، لەلایەکی دیکەوە بیرمان دەخاتەوە کە مرۆڤایەتی لە قەیرانێکی سەختی پێکەوە ژیان و بەختەوەریدایە. رەنگە ئەو گومانەش لە جێگای خۆیدا بێت کە دەڵین مرۆڤایەتی جگە لە کلتووری سزاو تۆڵە هیچی دیکەی لە بەرامبەر تاوان و گوناە بەرهەم نەهێناوە.
هەڵبەتە ئەم گوتارەش سەرەتا لە دیدو و دیدگایەکی ئاسمانی و ئایینیەوە چەگەرەی کردووە بۆ جیاکردنەوەی چاکەو خراپە و بە هەشت و دۆزەخ.
هەر لەسەر ئەو ریتمەشە مرۆڤایەتی بنەما دەستوری و یاساییەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی چەمکی تاوان و سزا داڕشتووە. لێرەدا یەکەم و دواهەمین قوربانیش بێگومان هەر مرۆڤە، ئەو مرۆڤەی هەمیشە لەژێر دەست و ئیرادەی خوا پێداوو دەسەڵاتدارانەوە روبەڕووی گەورەترین و توندترین سزا دەبێتەوە.
"مەسیح" باش مرۆڤەکانی ناسیوە، بۆیە لەکاتی هێنانی تاوانبارێکەوە لەلای خەڵکەوە "مەسیح" پێیان دەڵێت "کامەتان گوناهکار نیینە و بێ تاوانن با سزای ئەو کەسە بدات" هەڵبەتە لەنێو ئەو ئاپۆرایەدا کەسێك نەیتوانی ئازایەتی بنوێنێت و بڵێت من بێ گوناهەم و ئەو تاوانبارە سزا دەدەم!!! ئەو نموونەیە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە ئینسانەکان فرەیین لە فۆرم و هیچ کەسێکیشیان بێ گوناە و تاوان نیین، بەڵام هەیانە تاوانی زۆرە و هەشیانە گوناهەکەی سانایە. بەهەرحاڵ تاوان هەر تاوانە چ گەورە بێت یان بچووك؟!!
لەم خەیاڵانەدا بووم پۆلیسێك دای لە دەرگا و گوتی: وەرن خواردنەکانتان وەرگرن. خەریکی نانخواردنی نیوەڕۆ بووم لەگەڵ یەکەم کەوچکدا کەوتمە خەیاڵی ئەوەوە کە چۆن 180 رۆژ تەواو دەبێت، دەمگوت دەبێ لە نان و ئاو خواردن و پاڵکەوتن و قسەو بینینی ئەو کەسانەی ناو ئەو چوار دیوارە بێزار و بێتاقەت نەبم، دەبێ بتوانم 180 شەو لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەرمە سەر کە هەریەکەیان بە تاوانێکەوە بەندکراوە. بەراستی 6 مانگ زۆرە، لەبەر خۆمەوە هوڕینەم بەو خەونانەوە دەکرد لە پڕ یەکێك لە بەندیەکان بە دەنگێکی بەرزو ئاخ و ئۆفەوە گوتی: ئەوە سێ ساڵانم تەواو کردوو خوا
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کەریمیشە بۆ شەش ساڵەکەی دیکە. بەهەرحاڵ شەوی یەکەم و دووەم و دەیەمیشم تێپەڕاندوو منیش ئولفەتم بە بەچوار دیوار و دەرگا و پەنجەرە ئاسنینەکانەوە گرت و وەك باڵندەی لە قەفەز کراو تەنها لە شوێنی خۆم هەڵپەڕ هەڵپەڕم دەکرد.
بەو شێوەیە ماوەی بەندیەکەم گەیاندە 90 شەو، لەم ژوورەدا مامەوە و زۆرێك بەندکراو هاتن و زۆرێکی دیکەش بە ناوی جۆراوجۆرەوە ئازادکران.
ڕۆژێکیان یەکێك لەم بەندەیە تازانە کە کوردێکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو شیعرێکی بە فارسی بۆ خوێندمەوە و خۆشی بۆی کردم بە کوردی.
ئەمەش شیعرەکەیە...
پارانەوە لەبەر خودا مەردانەیە
پارانەوە لەبەر خەڵك خەفەتە
پارانەوە لەبەر خودا
ئەگەر قەبوڵ بوو رەحمەتە ئەگەر قەبوڵ نەبوو حیکمەتە
پارانەوە لەبەر خەڵك
ئەگەر قەبوڵ بوومنەتە ئەگەر قەبوڵ نەبوو خەفەت و شەرمەزارییە.
ئەم شیعرە یان ئەم وتەیە زۆر سادە بوو بەلاّم بۆ زیندانیەکان مایەی هێزو توانا بوو ئەوان هەریەکەو لەلای خۆیەوە شیعرەکەی دەنووسیەوە و بۆ یەکتریان دەخوێندەوە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤی بێ دەسەلاّت و پەراوێز کراو جگە لە دەرگای خودا هیچ مەنزڵگایەکی دیکە شك نابات پەنای بۆ بەرێت. بەندکراوەکانی مەحەتەش ئەوەندە ئازارو ئەزیەت دەکێشن بە دەست پۆلیس و بەرپرسانی ئەو گرتووخانەیەوە بۆیە نایانەوێت بۆ هەر پێویستیەکی تایبەتیان لە بەردەم ئەو جۆرە کەسانەدا بپارێنەوە، بۆ نموونە بۆ تەلەفۆنکردنێك بۆ کەس و کاری خۆیان دەبێت بە نووسراوێکی فەرمی بدەی بە چاودێری زیندانیەکە ئینجا دوای 20 ڕۆژ بۆ یەك دەقە مۆڵەتی تەلەفۆنکردنت بۆ دێتەوە. نووسراوەکەش دەبێت بەم شێوەیە بێت.
بۆ بەرێز مولازمی ئەوەل ... ... ..
ب/ داواکاری
من کە ناوم لە خوارەوە هاتووە داوا لە بەرێزتان دەکەم بۆ پەیوەندی کردنم بۆ کاری پێویست.
لەگەڵ ڕێزماندا
بەندکراو
مادده
قاوش
ڕێکەوت
جار هەیە 10 نووسراوی ئەوها دەنوسیت وەك باسم کرد ئینجا دوای 20 ڕۆژان بوارت دەدەن یەك خولەك لەگەڵ ئەو کەسە قسە بکەیت کە کاری پێویستت پێیەتی.
ماوەی زیندانیەکەم گەیشتە 160 شەو بە درێژایی ئەو ماوەیەش بە ڕۆژەوە خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبانە بووم کە دەهاتنە ژوورەکەمانەوە، زۆر باش لە یادم نەماوە جۆری ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکان چی و چی بوون بەلاّم ئەوە دەزانم کە هەفتەنامەی میدیاو هاولاّتی و ئاوێنە... هتد. لە شتە قەدەغەکراوەکانی گرتوخانەی مەحەتەی شاری هەولێر بوو شەوانیش بە دیار (tv) یەکانی ناوەخۆوە تا کاتژمێر 12ی شەو دادەنیشتین، (cd) و سەتەلایت و ئامێرەکانی دیکەی دەنگ و ڕەنگ جگە لەو
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەلەفزیۆنەی کە بۆمان داندرابوو باقی شتەکانی دیکە قەدەغە بوو بێتە ژوورەکەمانەوە. هەر کەسێکیش لەدوای 12 شەو قسە بکات یان دەنگە دەنگی لێوەبێت یان جگەرە بکێشێت و پیاسە بکات ئەوە بە توندترین شێوە سزا دەدرێت.

لە رۆژانی بینینی کەس و کارانماندا زۆر کەیف خۆش دەبووین، لەم رۆژەدا بەند کراوو کەس و کاری بەندکراوەکان خواردن و کەل و پەلی پێویست دەدەن بە یەکتری. لەم رۆژە تایبەتیانەدا شتی خۆش و دلڕفێن دەبینی، بەڵام لەناو ئەو ئاپۆرایەدا دەمێك بوو گەنجێکم بەرچاو دەکەوت بە تەنهاو خەمۆکیەکەوە دانیشتبوو، منیش ماوەیەك بوو حەزم دەکرد قسەی لەگەڵدا بکەم و لەم نهێنیە بگەم کە بۆچی تێکەڵی کەس نابێت و هێندەش غەمبارو دڵتەنگە ئیدی چوومە لایی دوای ئەحواڵ پرسینی یەکتری بە چەند رۆژێك زۆر لێك نزیك بووینەوە و زۆرێك لە نهێنیە تایبەتیەکانی یەکترمان بۆیەك باس دەکرد تا رۆژێك نامەیەکی بۆ خوێندمەوە کە بۆ کەس و کاری نووسیبووی، منیش لێرەدا وەك "ئەدەبیاتی زیندان" نامەکە سەربارى پەڕاندنی ناوەکان وەك خۆی بڵاوی دەکەمەوە.

بۆ ئەوکەسانەی هەست بە ویژدان دەکەن

" دیارە مرۆڤ لە بوونیەوە تاك و مردن توشی دەیان کێشە و گرفتی ژیان دەبێتەوە، بەڵام هەروەکو دەزانین ئافرەت کەمتر بەرگەی کێشەکان دەگری و زۆرجاریش لەبەرنەگرتنی بەرگە هانا بۆ خۆرزگارکردن بە خۆکوشتن و سوتاندن دەبات. چونکە مرۆڤ ئەمرۆ گۆڕاوە و زمانی خۆشەویستی راستەقینە و دیالۆگ لە نێوانیاندا نەماوە، ویژدان مردووە و بەزەییش کەمتر بووە لە کۆمەڵگادا و ئەمرۆ هەرکەسە و خەمی خۆیەتی و بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، و دەڵی یاخوا خەڵکی دیکە وێران دەبێت. ئەمەیە قسەی مرۆڤی ئەو سەردەمە!؟ ئەگینا دەیان کەس هەنە گرفتەکانیان تەنیا بە چەند قسەی زانستی و ئەقڵانی لەلایەن خەڵکی دیکەوە چارەسەر دەکری و ئەم کێژاوە و خەم و پەژارەی نێو قوڵایی دڵیان نامێنێت و بەرە و ژیانێکی هێمن و بەختەوەر گوزەر دەکەن.

پێم وایە هەموو کێشەیەك چارەسەری هەیە بەڵام هەر لە بەرێزتان گوێم لێبووە، رۆژانە لە ناو خەڵکدا دووبارە دەکرێتەوە کە غەڵەت بە غەڵەت چارەسەر ناکرێت بەڵام دووبارە کردنەوەی تاوانی ساڵانی هەشتاکان لە دوو هەزاروو شەشدا شتێکی ئاساییە و ئێستا گەڕان لە شاران و دەرچوون لە ماڵەوە کارێکی عادییە، بەداخەوەش ئەمرۆکە کە ساڵی دوو هەزارو شەشە ئەو کێشانە بە شێوەیەکی نا مرۆڤانە چارەسەری بۆ دەکرێت. بەڵام بەرێز هیوادارم ئەمرۆ گرینگی بە دیالۆگ بدرێت کە هەر ئەنجامی دەبێت بەڵام هەموو رووداوێك سەبەبکاری هەیە، سلبیات و ئیجابیاتی خۆی هەیە.

بەرێز.. کەس لە سروشت ناگات ئەگەر مردن لە زیندان میوانداریم نەکات ئەوا رۆژێك دادێت ئەمە وەك مێژوو باسدەکەن، نەوەکانمان ئەم رۆژانە دەگێڕنەوە".. ئەمە بەشێك بوو لەم نامانەی کە ئەم برادەرە بەندکراوەم و زۆرێکی دیکەش لە بەندکراوەکان لەو شێوە نامانەیان پێشانداووم بەڵام بۆ ئێرە تەنها ئەم نامەیە بەباشدەزانم بۆ ئەوەی خوێنەری دەرەوەی گرتوخانەکانیش لە نامە شاراوەکانی دڵ و دەروونی زیندانیانیش تێبگات.

هێواش هێواش نزیکتر دەبوومەوە لە تەواوکردنی ئەو 60 مانگە و لەگەڵ ئەوەشدا هەستم دەکرد کە زۆرێك نهێنی هەیە لەناو زیندانی مەحەتەدا کە پێویستە ئاشکرا بکرێن و بەرپرسان و رای گشتی جیهانی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بیزانێت.

لە گرتووخانەی مەحەتەدا کاری ناعەدەلەتی و دوور لە یاسا زۆر دەکرێت و پێویست سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتی داد و دەسەڵاتداران بەباشی لێکۆلینەوە لەو بابەتەدا بکەن چونکە لە داهاتوودا ئەو گرفت و ئاریشانە وەك پەتایەك دەمێنێتەوە لەناو کۆمەڵگادا و دواجاریش وەك

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کلتوورێکی دانەبڕاو لە ژیانمان درێژەی دەبێت. لەم ماوەیەی کە لە بەندیخانەی مەحەتە بەند کرابووم. شارەزاییەکی زۆرم لە یاسایی تاوانەکانی عێراق پەیداکرد بە شێوەیەك ئەو زانیاریانەم ئەز بەرکردبوون کە دەمزانی ئەو ماددەیە ئەو بەندکراوەی پێیگیراوە چەندە و چۆنیش ئازاد دەبێت.
بۆیە لەگەڵ هاتن و دەرچوونی هەر بەندکراوێکدا هەوڵمدەدا هۆکاری دەستگیر کردن و بڕیاری حاکم و ئەو ماددەیەی پێی سزا دراوە بزانم و لەلای خۆمەوە ژمارەی مادده یاساییەکە و جۆری تاوانەکەشم دەنووسیەوە، بە پێچەوانەوەش ئەوانەی ئازاد دەکران بڕیاری حاکم و ماددەی بەربوونەکەی و وردەکاریەکانی ئەو ئازادکردنانەیانم لای خۆم تۆمار دەکردن.
بەراستی زۆرترین خروقات و پێشیلکردنی یاسام بینی لەو ماوەیەی کە لە گرتووخانەی مەحەتە بووم. زۆربەی زۆری ئەوانەی لە ژوورەکەی من بەندکرابوون کێشەکەیان پەیوەندی هەبوو بەو مادده یاساییانەوە ماددەی 57، 411، 117، 443، 405... هتد لەم سەرژمێریەی کە بۆ ئەو بەندکراوانە کردبووم کە لە 4 مانگ تا 8 مانگ دەبێت لە زیندان بمێنێتەوە بەڵام بەشێك لەوانە بە هۆی پەیوەندی و واسیتەوە... هتد. ماوەی یاساییان تەواو نەدەکردوو بە کەفالەت ئازاد دەکران بەشێکی زۆریشیان کە هەمان ماددەیان لەسەر بووە بەڵام ئەوان ماوەی یاساییان تەواو دەکردوو لەگەڵ ئەوەشدا غەرامە و فەسڵێش دەکران.
بەو شێوەیە لە ماددەی 57 دا جیاوازیەکی زۆر هەست پێدەکرا لە نێوان ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە داکۆکییان لێدەکرا و لەگەڵ ئەو بەندکراوانەی کە کەس هەوڵی ئازادکردنی نادات!!؟
بۆ نموونەش پۆلیس هەبووە لەبەر بژێوی ژیانی دوو مانگ موچەی بە بی دەوامکردن وەرگرتبووە 6 مانگ حوکمدراوە و نزیکی ملیۆنێك دیناری چاپی تازەشیان غەرامەکردووە جگە لە 3 مانگ تەمیزیش لە لایەن حاکمی سەربازیەوە کە بوو بە نۆ مانگ بۆی لەگەڵ ئەوەشدا ئەمری فەسڵکردنەکەشی پێدەرچوە.
هەش بوو 6 مانگ دەوامی نەکردووە چەکەکەشی فرۆشتووە و یەك مانگ گیراوە و بە کەفالەت گەڕاوەتەوە شوێنی خۆیی و مانگانە 50 هەزار دینار وەك غەرامەش دەدات بە حکومەت، هەڵبەتە هەردوو تاوانەکەش بە ماددەی 117 تاوانبارکراون. هەبووە یەك لامپای سەتەلایتی ماڵانی دزیوە و چەند ساڵێك حوکمدراوە کەسی واش هەبووە بە ئاشکرا ئینسانێکی کوشتووە 6 مانگ نەگیراوە و بەربووە. ئەمانە و زۆرێك نموونەی دیکە لەبەر دەستدان کە پێویستە سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتی داد و رێکخراوەی کۆمەڵگای مەدەنی مافی مرۆڤ پێیبزانێت و بوار بەو جۆرە ناعەداڵەتی و کارە نایاسایانە نەدەن کە لەو بارودۆخەدا لە وڵاتی ئێمەدا روودەدات ... .

تێبینی: ئەو بابەتە لە ژمارە 186 ی رۆژی 2007\4\18 رۆژنامەی کوردستان راپۆرت بڵاوکراوەتەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.